# چەمکی خێزان.




**ئامادەکردنی: تاڤگە سابیر**

**٢٠١٤**

وەک ئاشکرایە خێزان بەشێکی بچووکی کۆمەڵایەتییە و شانۆی کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایتییەکانە و تێیدا تاکە کەس لە دایک دەبێ و گەشە دەکا و پێدەگا و دەبێتە ئەندامێکی سەربەخۆی پشت بەخۆ بەستوو بە هۆی خێزانەوە، تاکە کەس رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی خێزان وەردەگرێ و فێریان دەبێ و بە هۆیەوە رۆڵ و پلە و پایەی لە کۆمەڵگەدا بۆ دەستنیشان دەکرێ.

بە هۆی جیاوازیی دید و بۆچوونەکانی ئەو توێژەرانەی لە خێزانیان کۆڵیوەتەوە تاکو ئێستا نەتواندراوە بە یەک جۆر پێناسەی خێزان بکرێ بەڵکە بە چەندین چەمکی جۆراوجۆرەوە لێیدەڕوانن، لێرەدا هەندێکیان دەخەمەڕوو:

١- چەمکی سێکسیی.

بە پێی ئەو تێڕوانینە چەمکی خێزان بریتییە لە پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان ژن و پیاو، کە ئەرکی ئەو پەیوەندییەش نەوەخستنەوە و گرنگییدانە بە منداڵ.

٢- چەمکی هەڵسوکەوت.

لەم گۆشەنیگایەوە خێزان بەو چەشنە هەڵسوکەوتانەوە بەستراوەتەوە کە لە پرۆسەی هاوسەریی و پەیوەندییەکانی و هەڵبژادنی هاوسەر و یاساکانی هاوسەریی و شوێنی ژن و گۆڕانکارییەکان.. بەسەر هاوسەریی و جیابوونەوەدا دێن، پێیان وایە ئەو چەشنە هەڵسوکەوتانە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر یەکەی خێزان هەیە.

٣- چەمکی کۆمەڵایەتی.

لەم روانگەیەوە خێزان بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی رێکخراو و وابەستە بە داب و نەریت و یاساوە.. بەو پەیوەندییە تایبەتییانەش

جودادەکرێتەوە کە لە نێوان بەشداربووان و پێکهێنەرانی ئەو یەکەیەدایە کە ژن و پیاو و منداڵ لە خۆی دەگرێ، ئەگەر خێزانەکەش گەورە بێ ئەوە پەیوەندییەکە خزمەکانیش دەگرێتەوە.

٤- چەمکی پەیوەندیی.

ئەو چەمکە بریتییە لەو پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاو کە رەنگە کورتخایەن بێ یان درێژە بکێشێ جا منداڵیان هەبێ یان نەیانبێ، خێزان جودایە لە هاوسەریی چونکە هاوسەریی ئاڵۆزترە لە خێزان و پەیوەستە بە داب و نەریتەکانی نێو کۆمەڵەوە.. بەو پێیە هاوسەریی واتە ئەو رەفتارەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەستبوون و وابەستەیی هەمبەریی دادەمەزرێنێ کە پێویستە لە رووی شوێنەوە دروست و شیاو بێ .

پەرەسەندنی مێژوویی خێزان:

بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی پوخت و تەواومان هەبێ بۆ خێزان لە کۆمەڵی هاوچەرخدا پێویستە بە کورتیی ئاماژەیەک بە قۆناغ و پەرەسەندنە مێژووییەکانی خێزان لە کۆمەڵگەی یۆنانیی و رۆمانیی کۆندا بکەین:

١- خێزان لە لای یۆنانییە کۆنەکان:

لەو کۆمەڵگەیەدا خێزان بە شێوەی باوکسالاریی دەناسرێتەوە.. پیاو خاوەنی هێز و دەسەڵات بووە و بەسەر ژن و رۆڵەکانیدا باڵادەست بووە، پیاو توانیویەتی رۆڵەکانی خۆی بە تایبەتیی کیژەکانی لە هەموو شتێک بێبەریی بکا.. بنەماڵە و رەچەڵەکیش تەنیا بۆ پیاو بووە.

خێزان کوڕان و کیژانی لەسەر ئاکار و دین و پەروەردە و فێرکردنی ئەرک و مافەکان مەشق پێ کردووە و یەکسانیی لە نێوان کیژان و کوڕاندا تەنیا تا تەمەنی هەفتساڵیی بووە.. لە پاش ئەو تەمەنە کوڕان دەنێردرانە

بەر خوێندن بۆ فێربوونی زانست و هونەر و سیاسەت و بازرگانیی و مەشقی سەربازیی.. کیژانیش ڕێگەیان پێ نەدەدرا لە ماڵ بێنە دەرەوە و لە ڕووی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و مەشق و ڕاهێنانی مێشکەوە هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەدرا.. تەنیا لە نێو ماڵەکانیاندا فێری هونەرەکانی ماڵداریی دەکران، بەو پێیە یەکسانیی و دادپەروەریی لە نێوان کوڕان و کیژان بە هیچ جۆرێک بوونی نەبووە و پیادە نەکراوە، لە کۆمەڵی یۆنانییدا پەیوەندیی پیاو بە کەنیسە و دەوڵەتەوە بەهێز بووە و توانیویەتی نارەزایی لەسەر هەڵەی هاوسەرەکەی دەرببڕێ و مارەییەکەی وەربگرێتەوە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی جودابوونەوە کەم بووە.

دەکرێ بڵێین پەرەگرتنی خێزان بەو شێوەیە لە کۆمەڵی یۆنانیی کۆندا دەگەڕێتەوە بۆ هێزی بازووی پیاوان و لاوازیی ژنان لەڕووی بایۆلۆژییەوە لە بەرامبەر پیاواندا بۆیە ژن پلەی دووەم بووە لە دوای پیاو.

٢- خێزانی ڕۆمانیی کۆن:

خێزانی باوکسالاریی لە ڕۆما لەوپەڕی گەشە و مەزنییدا بووە و باوک خاوەنی هێزێکی گەورە بووە و مافی ئەوەی هەبووە بڕیار لەسەر چارەنووسی ڕۆڵەکانی بدا بە بەخێوکردن یان بە ڕزگابوون لێیان .

کیژان تا لە ماڵی باوکیاندا بوونە لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی باوکیاندا بوونە.. پاشان کە چوونەتە ماڵی مێردی خۆیان ئەو دەسەڵاتە گواستراوەتەوە بۆ مێردەکانیان، باوک لە خێزانی ڕۆمانیی کۆندا پێشەوای پەروەردەیی و ئابووریی و دینیی بووە.. ئەو ڕێوشوێن و سرووت و ڕێز و بەپیرۆز ڕاگرتنانەی لە نێوان ماڵدا پیادەدەکران باوک ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی دەکردن و منداڵەکانی لەسەر ڕادەهێنان.

پێکهێنانی هاوسەریی لە خێزانی ڕۆمانیی کۆندا بریتیی بووە لە پەیمانبەستنی کەسیی و بە ڕەزامەندیی باوکی هەردوو لایەن ئەنجام دراوە، بەڵام کوڕ بۆی هەبووە ئەو هاوسەرییە هەڵبوەشێنێتەوە (ئەگەر

بە زەبری هێزیش بووبێ هەر کردوویەتی) لەکاتێکدا کە ئارەزووی لە کیژێک نەبووە کە باوکی ویستویەتی بۆی بخوازێ، گەرچی خێزان پێکهێنان لەسەر بنەمای هاوتایی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیی هەردوو لایەن بووە و دەبووایە هەردووکیان لە یەک ئاستی کۆمەڵایەتیدا بوونایە بەڵام پیاو هەر زوو دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژندا دەسەپاند و پارێزگاریی دەسەڵاتەکەی دەکرد.. تەنیا لەو کاتانەدا ژن جێگای مێردی دەگرتەوە و بە ئەرکەکانی پیاو هەڵدەستا کە پیاو بۆ خزمەتی سەربازیی ماڵی جێدەهێشت، ئەگەر لە نێوان کەسوکاری ژن و مێردا – کوڕ و کیژ – یەکسانیی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە نەبووایە ئەوە منداڵەکانی ئەو جۆرە خێزانانە مافی هاوڵاتیی و میراتیان لێدەسەندرایەوە تەنانەت ئەگەر پرۆسەی هاوسەرییبوونەکەشیان یاسایی بووایە. خێزانی رۆمانیی رێگەی دابوو بە جودابوونەوەی ژن و مێرد ئەگەر هاوسەرییبوونەکەیان ناحکومیی بووایە.. بەڵام پرۆسەی جودابوونەوە بە شێوەیەکی گشتیی کەمتر رووی دەدا چونکە پێویستی بەوە دەکرد لە ئاهەنگێکدا بە فەرمیی ئەنجام بدرایە کە تێچوونەکەی کەمتر نەبوو لە ئاهەنگی هاوسەریی.

لە سەدەی سێیەم و دووەمی پێش زایندا گۆڕانکاریی بەسەر خێزانی رۆمانییدا هاتووە بە تایبەتیی لە لای چینە باڵایەکان کە تێیدا ژنان لە هەندێک کۆتوبەند و وابەستەبوون رزگاریان بووە و هەندێک رۆڵیان وەرگرتووە.. کە جاران تەنیا بۆ پیاوان بووە وەک خزمەتی سەربازیی و مافی بڕیاردەرکردن.. ئەو گۆڕانکارییانەش بوونە هۆی باڵادەستیی ژنان بەسەر پیاواندا، بەڵام دوای ئەوەی کۆماری رۆمانیا گۆڕرا بۆ ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا ئەو رەوشەی خێزان وەک خۆی نەمایەوە و گۆڕانی بەسەردا هات.

کێشەی جودابوونەوە لە قۆناغەکانی تەمەنی رۆمانیادا بووە یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.. جودابوونەوەی ژن و مێرد ببووە کارێکی ئاسایی و ئاسان و بە ئارەزووی هەر یەکێکیان جێبەجێ دەکرا تەنانەت ئەگەر لایەکەی بەرامبەر ئارەزووی درێژەدانی بە هاوسەرییش هەبووایە.. بۆیە ژیانی هاوسەریی لە نێوەندی چینە باڵایەکاندا شڵۆق بوو و داڕما.

خێزان لە دید و بۆچوونی چەند بیریارێکی کۆمەڵایەتیدا:

هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە نووسەر و بیریاران بایەخیان بە توێژینەوەی خێزان و چاککردنی کاروباری خێزان داوە لە رووی پێکهاتن و ئەرک و ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە چونکە خێزان بچووکترین و وردترین کۆئەندامی کۆمەڵە و ژیان و دروستیی کۆمەڵ بەندە بە ژیان و دروستیی خێزانەوە، بەڵام ئەو توێژینەوانە ئەزموونگەریی و شیکاریی نەبوون و زیاتر فەلسەفیی و کەسیی بوون و دوور بوون لە سۆسیۆلۆژیای خێزانەوە، بۆ روونکردنەوەو ئاشنابوون بە هزر و بیرۆکەکانیان ئاماژە بە رای چەند بیریارێک دەکەین:

ئەفلاتوون.

دید و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بە خێزان زۆر توندڕەو و رادیکالیی بووە و لە پەرتووکی کۆمارەکەیدا هەندێک را و بۆچوونی سەبارەت بە هاوسەریی و خێزان لە کۆمەڵە تۆتالیتارییەکان دەربڕیووە و دەڵێ: بۆ باشکردنی وەچەخستنەوە پێویست دەکا دەستەیەک لە پیاوان و ژنان هەڵبژێرین تا ئامادەیان بکەین بۆ گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی یان ئەوەی ناوی ناون چینی پاسەوان و دەبێ هاوسەرگیرییشیان لە رێگەی تیروپشک بێ و لە رۆژەکانی پشوودا ئەنجام بدرێ، منداڵی ئەو خێزانانەش دەبێ لە دایک و باوکیان جودا بکرێنەوە و بدرێن بە دەوڵەت تا سەرپەرشتییان بکا و نابێ دایکان و باوکان منداڵەکانی خۆیان بناسنەوە و منداڵەکانیش ئەوان بناسنەوە.

سەبارەت بە چینی کرێکار ئەوانەی منداڵی ناتەواو و کەمئەندامیان دەبێ پێویستە بخرێنە ئەودیو ژیانی گشتییەوە و رێگەیان نەدرێ زاوزێ بکەن.

ئەفلاتون پێی وایە باشترین تەمەن بۆ زاوزێی ژنان دەکەوێتە نێوان سالآنی (٢٠ – ٤٠)ەوە بۆ پیاویش دەکەوێتە نێوان سالآنی (٢٥ – ٥٥)ەوە.. لە دوای ئەو دوو ماوەیەدا رێگە بە هەردوو لایان نەدرێ چالاکیی سێکسییان هەبێ چونکە بەرهەمەکانی پیریی لە رووی چاکیی و کەڵکەوە ناگا بە قۆناغی لاویی، شایانی باسە ئەو را و بۆچوونانە هیچ بەڵگەیەکی زانستییان لە پشتەوە نییە تەنیا بەرئەنجامی تێبینیی و

ئەزموونی تاکە کەسیی ئەو فەیلەسوفەیە و نابێ گشتاندنی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بۆ بکرێ.

ئەرستۆ.

ئەرستۆ رەخنەی لە دید و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بە خێزان و هاوسەریی گرتووە و پێی وایە دەوڵەت بەرپرسە لە ڕێکخستنی ژیان خێزانیی و پێویستە یاساناسان و دانەرانی یاسا ئەو سیستەمە ڕێکوپێک بکەن و ئەو پەیوەندییانەش دەستنیشان بکەن کە ئەندامەکانی خێزان پێکەوە دەبەستێتەوە سەرەڕای پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان، بە لای ئەرستۆوە خێزان لە منداڵ و کۆیلەکان پێکدێ و سروشت خۆی ئەو نێوەند و پلە کۆمەڵایەتییانەی دیاری کردووە و هەندێکیانی بەسەر هەندێکی تردا باڵادەست کردووە و هەندێکی تریشی ملکەچ کردووە و توانای مێشک و عەقڵیی بە هەندێکیان داوە و هێزی بازووشی بە هەندێکیان بەخشیوە بۆیە دەستەی یەکەم دەبێ دەسەڵاتدار و بڕیاردەر بن و دەستەی دووەمیش ملکەچ بن.

بە لای ئەرستۆوە باشترین تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەریی ژن ١٨ ساڵییە و بۆ پیاویش ٣٧ ساڵییە چونکە لەم تەمەنەدا هەردوو لایان لە لووتکەی چالاکیی مێشکیی و عەقڵیی دان، سەبارەت بە وەچەخستنەوەش ئەرستۆ هانی ئەو دیاردەیەی داوە بە مەرجێک بە سەرپەرشتیی دەوڵەت بکرێ و بە پێی بەرژەوەندیی و ئامانجی دەوڵەت ئەنجام بدرێ.

پێویستە باوک لە لووتکەی دەسەڵاتدا بێ و ژن و منداڵەکانیشی بە فرمانی ئەو بن چونکە ژن بەراودکردن لەگەڵ پیاودا لە زۆر لایەنەوە ناتەواوە و نابێ ئازادیی پێ بدرێ چونکە ئەرستۆ دەڵێ لە کۆمەڵی ئەسپارتەدا ژن لە رادەی خۆی زیاتر ئازادیی پێ درابوو ئەوە بوو ئەو خاڵە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ داڕمانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا.

ئۆگست کانت.

پێویسته بگوترێ یەکەم فەیلەسوف بانگەشەی جوداکردنەوەی سۆسیۆلوژیای له فەلسەفه کردووه.. سەبارەت به خێزان پێی وایه یەکەیەکی کۆمەڵایەتی راستەقینەیه بۆ راڤەکردنی رەفتاری تاکه کەس و به لایەوه عەقڵ تەنیا له باری کۆمەڵایەتیبووندا گەشه دەکا.. هەروا دەڵێ هاوسەریی یەکێتییەکی ئۆتۆماتیکیی نێوان هەردوو رەگەزەکەیه و بەرئەنجامی کارلێکی غەریزەیه لەگەڵ ئەو ئارەزووه سروشتییەدا که بوونەوەری کۆمەڵایەتی بەهرەمەنده پێی. هاوسەریی دەبێ لەسەر بنەمای تاکیی ژن و پیاو پێکبێ چونکه هاوجووته لەگەڵ سروشتی مرۆڤایەتیی ئادەمیزاددا تاکو بونیاتی کۆمەڵایەتی بەهێز و پتەو بێ و دوابەدوای ئەویش کۆمەڵگه بەهێز و پتەو بێ، بەو پێیه ئەو زانایه به تەواویی دیاردەی جودابوونەوه رەت دەکاتەوه چونکه به فاکتەرێکی کاریگەری دادەنێ بۆ هەڵوەشاندن و لەبار یەک ترازانی کۆمەڵ.

له پەیوەندیی نێوان ژن و پیاودا کانت پێیوایه دەبێ ژن ملکەچی پیاو بێ، بەڵام ئەو ملکەچ بوونه نابێ لایەنی هەست و سۆز بگرێتەوه چونکه ژنان له رووی هاوبەشیی ویژدانیی و هەست و سۆزەوه له پیاوان ناسکترن. کانت پێیوایه ئەرکەکانی خێزان ئەرکێکی ئاکارییه چونکه یەکگرتنەکەی پیاو و ژن سروشتێکی ئاکاریی هەیه بۆیه جەخت لەسەر هۆگریی و پەیوەندیی گیانیی نێوان ئەندامەکانی خێزان دەکاتەوه.. ئەرکەکەش پەروەردەییه، که خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی ئاکارییه و چاودێریی بکا و فێری زمان و ئاخاوتنی بکا و ئاکاری جوانیی تێدا بچێنێ و به بنەماکانی دین گۆشی بکا، ئەو ئەرکانه به لای کانتەوه له ئەستۆی دایک دان چونکه دایک نێوەندی سۆز و ویژدانه و بەرپرسه له گەشەپێکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی له رووی دینییەوه.

خێڵ و خێزان.

خێڵ له چەند گرووپێک له خزم پێکدێ که ژمارەی ئەندامەکانیان دیاریکراوه و پەیوەندیی خوێن له نێوانیاندا هەیه که به گەڕانەوه بۆ رابردوو دەستنیشان دەکرێ و پشت بەو لق و پۆپه رەچەڵەکییه دەبەستێ که به بنەماڵەیەکی هاوبەشەوه دەبەسترێنەوه. خێڵ گرووپێک له خەڵک

لە خۆدەگرێ کە لە یەک ڕەگەزەوە هاتوون و لە ڕێگەی ڕەچەڵەکەوە بە یەکەوە پەیوەستن.

توێژەرێکی وەک (مردۆک) ڕەچەڵەک بەسەر دوو پۆلی سەرەکییدا دابەش دەکا کە بریتیین لە:

١- گرووپی خزمان بە هۆی شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە: ئەو گرووپە چەند خێزانێکی بچووکی شێوە جیاواز لەخۆ دەگرێ سەرەڕای خێزانی فرەژنیی و خێزانی درێژکراوە.
٢- گرووپی خزمایەتی لە ڕێی خوێنەوە: ئەو گرووپەش ئەو خزمانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیی خۆێن پێکەوەیان دەبەستێتەوە.. ئەو پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند شێوەیەک ڕەچەڵەکی باوکایەتی و ڕەچەڵەکی دایکایەتی یان هەردووکیان پێکەوە کە پێیدەگوترێ دووانەی ڕەچەڵەک.

خێڵ لەگەڵ هۆزدا لەو ڕووەوە جیاوازن کە خێڵ چەند گرووپێک لە خۆدەگرێ و هەر ئەندامێکی ئەو گرووپانە لە ڕووی مێژوویییەوە کاریگەریی خۆی هەیە بە ئەندامێکی ترەوە و ئەوەش دەزانن کە هەموویان دەچنەوە سەر یەک باپیرەی هاوبەش و زانراو لە لای هەموویان، بەڵام لە هۆزدا بە هۆی فراوانیی و گەورەییەوە ئەستەمە لە هەندێک باردا باپیرەیان دەستنیشان بکرێ.

هۆز.

هۆز لە کۆمەڵێک مرۆڤ پێکدێ کە ڕەچەڵەکێکی هاوبەش (ڕەچەڵەکی دایکایەتی و ڕەچەڵەکی باوکایەتی) پێکەوەیان گرێ دەدا.. هەر ئەندامێک پێیوایە سەر بەو ڕەچەڵەکەیە واتە ئەندامێتییان پشت بە بەڵگەی سەلمێنەر نابەستێ بەڵکو زیاتر وابەستەبوونە بە بڕوای خۆیانەوە بەوەی کە سەر بەو هۆزەن ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی قەبارەی هۆز.

سەرهەڵدان و پەیدابوونی هۆز بەرئەنجامی ژیان بەسەربردن لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو و ملکەچبوونی خێزانە بۆ بنەمای یەکێتیی نیشتەجێبوون (دایکایەتی بێ یان باوکایەتی).. بوونی رەچەڵەکی باوکایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای نیشتەجێبوونی باوکایەتی، بەڵام رەچەڵەکی دایکایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای نیشتەجێبوونی کیژان لە دوای شووکردنیان لەگەڵ گرووپەکەی خۆیاندا و هاتنی کوڕان بۆ نێو گرووپە دەرەکییەکان و نیشتەجێبوونیان لەگەڵ کەسوکاری ژنەکایاندا، بەم هۆیەوە ئەو نیشتەجێبوون و هاوسەرییە دەرەکییە هۆز و چەندین خزمی تێدا تواوەتەوە کە بە هاوبەشیی لەگەڵیاندا ژیاون گەرچی لە بنەڕەتدا لە رووی رەچەڵەکەوە ئەندامی ئەو خێڵە نەبوون.

لە پێکهێنانی هۆزدا چەند مەرجێک هەیە.

١- پراکتیزەکردنی رەچەڵەکیی (دایکایەتی یان باوکایەتی).
٢- نیشتەجێبوونی ئەندامەکان بە شێوەیەکی هاوبەش لە رووی جوگرافییەوە.
٣- بوونی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لە نێوان خێزاندا.

ئەو فاکتەرانە یارمەتیدەر بوون بۆ پارێزگارییکردن لەسەر توندوتۆڵیی هۆز و پەیوەستبوونی تاکەکان بە یەکتر و لێپرسراوبوونیان بەرامبەر بە یەکتر، ئەو شێوازانەی سیستەمی خزمایەتی کە باسکران وەک خێڵ و هۆز لە کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا بە تایبەتیی لە گوندەکاندا گرنگیی خۆیان هەیە و تەوەری رێکخستنی سیاسیی ئەو رێکخراوانەن و جگە لەوەی هێمای تۆکمەیی و هاوکاریی کۆمەڵایەتین بۆ تاکەکانی ئەو دامەزراوانە بە تایبەتیی لە بەرامبەر هێرشە دەرەکییەکان یان بۆ هەرەوەزی نێوان ئەندامانی خێڵ و هۆزەکان.

گۆڕان لە سیستەمی خزمایەتیدا:

خزمایەتی وەک هەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی تر بە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگایەکان و بەشارستانیی بووەنەوە دووچاری گۆڕانکاریی هاتووە و

وەک خۆی نەماوەتەوە. هەڵوەشان و لەبەریەکترازانی پەیوەندییەکانی خزمایەتی بەو بەڵگەیە هەژمار ناکرێ، کە خێزانیش هەڵوەشابێتەوە لاوا بوونی ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی و داواکارییەکانی ژیانی هاوچەرخ و مەدەنی. زاڵبوونی خێزانی بچووک و باڵادەست بوونی لە کۆمەڵی هاوچەرخدا و بڵاوبوونەوەی بنەمای دیموکراسیی و ئازادیی لە هەڵبژاردنی هاوسەریی ژیان و بڵاوبوونەوەی فێربوون و خوێندەواریی و تێکەڵا بوونی شارستانییەکان و زاڵبوونی شارستانی نوێ بە هەموو چەمکەکانییەوە ئەوانە ئەو فاکتەرانەن کە بوونەتە هۆی لاوازکردنی ئەو پەیوەندییە لە کۆمەڵدا، بەڵام لێرەدا لە گۆڕینی ئەو سیستەمەدا ئەوانیش بڵاوبوونەوەی بەشارستانییبوون و پتربوونی بەپیشەسازییکردنە.

١- بەشارستانییبوون:

مەبەست لە بەشارستانییبوون بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی هەندێک چەشنی ژیانی کۆمەڵایەتی نوێ بۆ ژیانی تاکە کەسان و گرووپەکان وەک چالاکیی بازرگانیی و پیشەسازییەکان و بەرژەوەندیی حکومەت و بەکارهێنانی کەرەسەی نوێ لە ژیانی گشتیی و تایبەتییدا و پتربوونی پەیوەندییەکان و گەیاندن و خێراتربوونیان لە نێوان گرووپەکانی دانیشتواندا و چڕبوونەوەی دانیشتوان لە ناوچەکانی بەرهەمهێناندا کە چالاکی ئابووریی و دارایی تێیدا فەراهەم کراون.

بەشارستانییبوون پرۆسەی گواستنەوەی ژیاننی کۆمەڵایەتییە لە قۆناغی گوندی کشتوکاڵیی رۆتینییەوە بۆ ژیانی شارستانیی لەرێی پووکانەوەی هەندێک خوو و نەریت و شێوازی گوزەران و رەفتارکردن، کەواتە پرۆسەیەکی بەرفراوانە و لە تێکڕای سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا روودەدا بە خێزانیشەوە. سیستەمی خزمایەتیش گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هات ئەوەش دوای ئەوەی پێکهاتەی خێزان گۆڕا لەو چەشنەوە، کە لە گوندا باو بوو (خێزانی درێژکراوە) بۆ خێزانی بچووک لە شارەکاندا.

٢- بەپیشەسازییکردن:

بەپیشەسازییکردن شێوەیەکی نوێیە لە چالاکی ژیان کۆمەڵایەتی و پەیوەستە بە مەشقکردن لەسەر کەرەسە و ئامێرەکان و بەکارهێنانیان لە بەرهەمهێنانی پیشەسازییدا هەروەها پشت دەبەستێ بە داهێنان و دەستکەوتە زانستییەکان و دۆزینەوەی رێی نوێ و باشتر لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. بەپیشەسازییکردن بووە هۆی چڕکردنەوەی دانیشتوان لە شار و بەگەڕخستنی هێزە مروییەکان لە پیشەسازییدا هەروەها بەپیشەسازییکردن پەرەپێدانی پیشەییە لە کاری دەستییەوە بۆ بەرهەمی میکانیکیی و ئەو قۆناغەش بە دوای خۆیدا گۆڕانکاریی لە ژیانی کۆمەڵاییەتی و رۆشنبیریی و ئابوورییدا هێنا.

بەپیشەسازییکردن رەفتاری گونجاو و سەربەخۆی دەوێ.. خوازیاری چینێکی کراوەیە لە هەموو بوارەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتی و جوگرافیی و تاکەکەسیی ئازا بوو لە جوولە و جێگۆڕکێ لە بوارێکی کارکردنەوە بۆ بوارێکی تر، سەرەڕای ئەوەی خێزان شوێنێکی سەربەخۆی دەوێ بۆ نیشتەجێبوونی بەوەش تاکە کەس لە تۆڕی پەیوەندییە خزمایەتییەکان رزگاری بوو و بە هەموو واتایەکیەوە هەر لە گۆڕانی شێوازی رەفتار و ژیانی تا جلوبەرگ و ئاخاوتن بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ ئەو رەوشەدا کە هەیەتی لە چینە نوێیەکەیدا بە بێ گۆێدان بە رەخنە و دەستتێوەردانی کەسوکار، بەپیشەسازییکردن شوێن و پایەی ژنی لە نێوان کۆمەڵدا گۆڕی جگە لە گۆڕینی داهات و پیشە و هێز کە چیتر پشتی بە پەیوەندیی خزمایەتی نەدەبەست.

شوێنەوارەکانی سیستەمی خزمایەتی:

هەموو مرۆڤێک لە ژیانی ئاساییدا سەر بە خێزانە یان خەسڵەتی ئەندامێتیی لە دوو خێزاندا هەیە یەکەمیان سەر بە(خێزانی ناوک)ە کە ئەو کەسە و دایک و باوک و خوشک و براکانی دەگرێتەوە ئەو خێزانەش پێی دەترێت خێزانی ئاراستەکەر.

کاتێک هاوسەر دەگرێ (ژن دەهێنێ یان شوو دەکا) دەچێتە (خێزانی ئەتۆمی)یەوە، کە لەو کەسەوە (ژن یان مێرد) منداڵەکان دروست دەبن پێیدەگوترێ خێزانی زاوزێیی.

کاتێک مرۆڤ ئەندامی ئەو خێزانە بێ ئەوا پەیوەندیی رەچەڵەکیی لەگەڵ کەسەکانی دەبەستێ هەروەها لەگەڵ خێزانی ئەتۆمی تریشدا، ئینجا بە هۆی ئەندامێتییەوە تاکە کەس دەتوانێ لە دەرەوەی ئەو دوو خێزانەش کە ئاماژەمان بۆ کردن پەیوەندیی ببەستێ.

دایکنشینیی:

سیستەمی دایکنشینیی پشت بە خزمایەتی دایک دەبەستێ چونکە منداڵ تێیدا وابەستەیە بە دایک یان خێزانی دایکەوە.. ئەندامەکانی خێزانی باوکیان بە بێگانە دەزانن و هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە لە هەندێک کۆمەڵگەدا (تیرەکانی ئوستراليا) خێزان باوکیان دەکوشت ئەگەر بەلایانەوە پێویست بووایە.

هەندێک لە توێژەران پێیانوایە ئەو سیستەمە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا باو بووە، بڵاوبوونەوەی ئەو سیستەمە دەگەڕێتەوە بۆ (رەچەڵەکی دایکایەتی و دایکنشینیی) بۆ ئەو رۆڵەی ژن هەیبووە و لەگەڵ پیاودا.. یەک رەوشی کۆمەڵایەتی یەکسانیان هەبووە و هەندێ جاریش لە پیاو باڵادەستر بووە ئەوەش بووە هۆی فەرامۆشکردنی باوکایەتی لەو کۆمەڵگە سەرەتاییانەدا، لەو کۆمەڵگەیانەدا خۆشەویستیی و غیرەبوونی لە نێوان پیاو و ژندا لە رووی سێکسییەوە هاوتا بوون.. پێیان وابووە شێوەی یەکەمی خێزان دایکایەتی بووە، گەرچی بەڵگەیەکی زانستی ئەوتۆیان لە بەردەست نییە بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەیان.

هەندێک بیرمەندەکان گواستنەوەی خزمایەتی لە سیستەمی دایکایەتییەوە بۆ باوکایەتی بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێننەوە کە گرنگترینیان ئەوانەن:

١- جێگیربوونی مرۆڤ بە هۆی فێربوونی کشتوکاڵەوە لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیارکراوە و مانەوەی ژن لەگەڵ مێردەکەیدا لەو ناوچەیەدا.

٢- بە هۆی راوەوە لەو قۆناغانەدا پیاو بازووی بەهێز بووە و ئەوەش بوویتە هۆی چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر ژندا، ، دیارە ژن لە رووی جەستە و ماسولکەوە لە پیاو لاوازتر بووە.
٣- بەکارهێنانی کۆیلە و دەست و پێوەند لە لایەن پیاوەوە و بەکارهێنانیان بۆ کارە سەخت و دژوارەکان.. ئەوەش وای لە پیاو کردووە بیانلکێنی بە خێزانەوە و دانیان پێدا بێنێ وەک ئەندامی خێزان.
٤- بڵاوبوونەوەی هەندێک خورافە و بیر و باوەڕ کە دەڵێ ژن گیانی شەڕ و شەیتانی لە ناخ دایە و ئەوەش بووە مایەی لە کەدارکردنی ژن.
٥- بڵاوبوونەوەی جەنگ و کوشتار لە نێوان خێڵ و هۆزەکاندا کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بە هێزی ماسولکە و بازوو هەبووە کە هەر بە پیاو دەکرا.

هەنێک بیرمەند و پسپۆڕ پیانوایە سیستەمی دایکایەتی مەرج نییە لە هەموو کۆمەڵەکاندا کۆنترین رژێم بووبێ چونکە هەر کۆمەڵێک سروشتی تایبەتی خۆی هەبووە بە هۆی رووە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە و لە هەمان کاتیشدا ناکرێ بوونی ئەو سیستەمە وەک کۆنترین سیستەم رەت بکەینەوە چونکە لە هەندێک کۆمەڵگەی سەرەتاییدا بوونی هەبووە و زاناکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا سەلماندوویانە.

لاوازیی بەڵگەکان لەوەدایە کە ژن هەردەم لە پیاو لاوازتر بووە لە رووی جەستەییەوە و نەیتوانیوە بە بێ مێردەکەی چاودێریی پێویست بۆ منداڵەکانی دەستەبەر بکا چونکە ئاشکرایە ژیانی مرۆڤەکان لەو کۆمەڵە رۆتینییانەدا سەخت و دژوار بووە.. کاتێک پیاو بۆ راوشکار لە کۆچ و رەودا بووە مەرج نییە بە تەنها رۆیشتبێ و خێزانی لەگەڵدا نەبووبێ.. دەشێ لەگەڵ خۆیدا تەواوی خێزانەکەی کۆچی کردبێ و لە نزیک خۆیەوە یان لە شوێنێکی بێ مەترسییدا چاوێریی کردبێتن چونکە کۆچ و رەو و شوێن گۆڕین کارێکی هەروا سووک و ئاسان نەبووە، بۆیە سەلماندنی سیستەمی دایکایەتی پێویستی بە بەڵگەی بەهێز و پتر هەیە.

باوکنشنیی:

لەم سیستەمەدا تەوەری خزمایەتی پشت بە باوک یان خێزانی باوک دەبەستێ و دایک و خێزانی دایک وەک بیگانە تەماشا دەکرێ و منداڵ هیچ سۆزێکی لە بەرامبەریاندا نییە، ئەو سیستەمە لە هەندێک خێڵ و هۆزی ئوستراليا و ئەمەریکادا باو بووە.. بوونی ئەو سیستەمە لە هەندێک کۆمەڵگەی سەرەتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی سیاسیی پیاو و کۆنترۆڵکردنی خێزان لە لایەن باوکەوە.

ژنە توێژەرێکی وەک (هێنری مین) بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە توێژینەوەی بۆ کۆماری رۆمانیی کۆن کردووە و دەڵێ:

خێزانی باوکایەتی ملکەچی دەسەڵاتی باوک بووە و بنەمای میراتی منداڵ و جێشینی و پێشەوایی لە رێی رەچەڵەکی باوەکەوە بووە.. ئەو سیستەمە ئەڵقەی یەکەم بووە لە زنجیرەی پەرەسەندنی خزمایەتیدا ئینجا دەسەڵاتی دایک لە قۆناغ دووەمدا بووە، بۆ ئەوەش (مین) و هاوبیرەکانی ئەو بەڵگانە دەهێننەوە:

لە قۆناغی جێگۆڕکێدا بە تایبەتیی لە راودا کە بە پێی پێویست پیاو ناچار بووە ماڵ بەجێبهێڵێ بۆیە دەسەڵاتی لە دەست داوە و ژن جێی گرتۆتەوە ئەگەر پیاو بەرپرسیار بووبێ لەسەر بژێوی رۆڵەکانی و خێزاندا خاوەنی دەسەلات و بڕیار بووبێ، کاتێکیش پیاو ماڵی بەجێهێشتوە لەو قۆناغەدا پێویستی بەوە بووە کەسوکارەکەی سەرپەشتیی منداڵەکانی بکەن و یارمەتی بدەن کەواتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتەکەی ون کردووە و بۆ دابین کردنی ژیان و گوزەران خێزانەکەی بردۆتە لای کەسوکاری و خۆشی بەردەوام بووە لە کۆچ و گەڕاندا.

بەڵام کاتێک خێزان بە هۆی دۆزینەوەی کشتوکاڵەوە جێگیر بووە زۆربەی بیرمەند و توێژەران پێیانوایە باوکنشینی بووە بە باو، چونکە خێزان پێویستی بە چاوێریی و چالاکیی ئابووریی و خاوەنی هێزی جەستە بووە ئەوە سەرەڕای ئەو هێز و دەسەڵاتەی لە قۆناغەکانی پێشترەوە بۆی ماوەتەوە.

## خێزانی لێکدراو:

خێزانێکی لێکدراو یان درێژکراوە لە ڕێی تێکەڵاوبوون و پەیوەستبوونی چەند خێزانێکی ئەتۆمییەوە لە خێزانێکی فراواندا پێکدێ.. لە ڕێی ئەو درێژبوونەوەیە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان منداڵ و تەواوی ئەندامانی ئەو خێزانەدا دروست دەبێ . ئەو جۆرە خێزانە پتر لە سێ نەوە لە خۆدەگرێت (باپیرە و باوک و نەوە) یان چەند ژنێکی یەک پیاو. کۆمەڵە سەرەتایی و کشتوکاڵیی و ڕۆتینییەکان ئەو جۆرە خێزانانەیان بەخۆوە دیوە (خێزانی درێژکراوە، خێزانی هەمەجۆر، خێزانی گەورە، خێزانی لێکدراو) لەبەرئەوەی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتییاندا گونجاو لەبار بووە.

تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان وەک پەیوەندیی سێکسیی تەماشای هاوسەر ناکەن و لێکی نادەنەوە بەڵکو بە بناغەی پەیوەندیی خوێن و پەیوەندیی ڕەچەڵەک لێی دەڕوانن و خێزانی پێ پێناسە دەکەن.

خێزانێکی لێکدراو کۆمەڵێک کەس و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دیارکرا و بە یەکەوەی گرێ دەدا و تاکەکانی بە چەندین ئەرک هەڵدەستن کە گرنگترینیان پەروەردەکردنی منداڵ و چاودێرییکردن و دەستەبەرکردنی شوێنی کۆمەڵایەتییە بۆیان ئەوە جگە لەوەی خێزان پردێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی شارستانیی لە نێوان نەوەکاندا.

خێزانی لێکدراو بەوە دەناسرێتەوە کە یەکەیەکی بەرهەمهێنان و بەکاربردنە و خۆیان پێداویستییەکانی خۆیان دابین دەکەن و پشت بە دەرەوەی خێزان نابەستن و تێیدا کەرەسە و ئامێر و پۆشاک دروست دەکەن و خواردن و پێداویستییەکانی تر ئامادە دەکەن.. جگە لەوەی هەر ئەندامێک هەر لەسەرتاوە بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ و هەموویان بەشدارن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و کێڵگەدا.. کار دابەشکردن لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەن و پلە و پایە و... هتد دەبێ.

مەرجی سەرەکی بۆ گۆڕینی خێزانی ناوک بۆ لێکدراو یان درێژکراوە بریتییە لە سیستەمی نیشتەجێبوونی یەکایەتی کە دەبێ یەکێک لە دوو ڕەگەزەکە (کوڕ یان کچ) لە دوای هاوسەر گرتن لەگەڵ خێزانەکەی باوک

و دایکیدا بمێنێتەوە، لێرەدا نموونەکانی پێکهێنانی ئەو جۆرە خێزانە دەخەینەڕوو:

**خێزانی لێکدراو لە ئاکامی باوکنشینییەوە:**

لێرەدا مەرجە کوڕ (کوڕەکانی باوک) لە دوای ژن هێنان بە ژن ومنداڵەکانیەوە لەگەڵ باوکیدا لە هەمان خانوودا بمێنێتەوە. ئەو جۆرە خێزانە پشت بە پەیوەندیی خوێن دەبەستێ و لە هێڵی باوکەوە درێژ دەبێتەوە لە باوک و منداڵ و منداڵی کوڕ پێک دێ، لە زۆربەی کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتدا ئەو جۆرە نموونەیە باوە و تێیدا ژن ملکەچی فرمانەکانی پیاو و فرمانەکانی کەسی پیاوەکەیە چونکە پیاو بەرپرسە لەسەر بژێویی و چاودێریی خێزانەکەی (ژنەکەی) لە دوای جودابوونەوەی لە کەسوکاری.

**خێزانی لێکدارو لە ئاکامی دایکنشینییەوە:**

لێرەدا پێویستە کچ لە دوای شووکرانی لەگەڵ مێردەکەیدا لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا بمێنێەوە و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵیان بێ. خێزانی لێکدراو لەو نموونەیەدا لە دایک و منداڵ و منداڵی کچ و... هتد پێکدێ و نەوە لە دوای نەوە بەو ئاقارەدا درێژ دەبێتەوە.. ئەو جۆرە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان باو بووە، بەڵام لە کۆمەڵی هاوچەرخدا جۆرێکی دەگمەن و کەمە و لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتییدا پەسەند نییە و نەبووە بە نەریت.

**خێزانی لێکدراو لە ئاکامی دووانەی نیشتەجێبوونەوە:**

لەو جۆرەدا ژن و مێرد بۆیان هەیە لەگەڵ خێزانی یەکێکیاندا ژیان بەسەر ببەن.. هەندێک بارودۆخی دیارکراو دەستنیشانی ئەوە داکەن کامیان هەڵبژێرن دایکایەتی یان باوکایەتی، لە هەندێک کۆمەڵدا هیچ بوارێک نادەن بە ژن و مێردەکە کامیان هەڵبژێرن بەڵکو دارایی و سامان و پلە و

پایەی بەرز ئەوانە بڕیاردەرن.. ئەو خێزانەی سامانی زۆر بێ و خاوەن پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرز بێ دەتوانێ پێداویستییەکانی ئەو ژن و مێردە دابین بکا لە کاتێکدا زۆر نەدار بن.

لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا بە دەگمەن رێککەوتووە (ژن و مێرد) لە خانوویەکی سەربەخۆی خۆیاندا دوور لە خێزانەکانیان ژیابێتن.. هەر دووانەی نیشتەجێبوون دەستنیشانی ژیانیانی کردووە لەگەڵ یەکێک لە خێزانەکاندا (خێزانی مێرد یان خێزانی ژن) چونکە ئەوان پێیان وانەبووە کە ئەو جۆرە خزمایەتییە پرۆسەی ملکەچکردنی ژن و مێردەکە بێ بۆ خێزانەکانیان بەڵکو پێیان وابووە ئەو هەڵبژاردنە هێز و دەسەڵات دەدا بە رۆڵەکانیان گەرچی هەندێک زیانیشیان لێ دەکەوێ.
نیشتەجێبوونی سەربەخۆیانەی ژن و مێرد لە خانوویەکی سەربەخۆدا لە دایکبوونی ژیان و پیشەسازیی و سشارستانیی هاوچەرخە و پێشتر نەبووە، پێویستە بگوترێ نیشتەجێبوونی لەو جۆرە لە کۆمەڵگە سەرەتایی و رۆتینییە کشتوکاڵییەکاندا سوود و کەڵکێکی زۆری هەبووە بۆ ژن و مێردەکە چونکە باپیرە و کوڕ و نەوەکان هەموویان پێکەوە بوون یان براکان و ژنەکانیان و خوشکەکان و مێردەکانیان لە هەمان خانوودا ژیاون یان خاڵ مام (رەبەن) هەموویان لە بازنەی ئەو گرووپە خزمایەتییەدا ژیاون و فراوانتر بووە لە خێزانی باوک.

نیشتەجێبوونی هاوبەشی نێوان خێزانە ئەتۆمییەکان و خزماکانیان گەلێک ئەرک و دەستکەوتی بۆ فەراهەم کردوون هەر لەئامادەکردنی خواردن و دەستەبەرکردنی حەسانەوە و کات بەسەربردن بە خۆشیی و گەشەپێکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بۆ هەموو ئەندامان لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێ لەو خێزانە بچووکانە ژیانی تایبەتی خۆی هەبووە و نیمچە سەربەخۆ بووە.

خێزانی لێکدراو لە ئاکامی سیستەمی نیشتەجێبوون لەگەڵ خاڵ و مام:

ئەو جۆرە ئاڵۆزترە و لەوانیتریش کەمتر باو و بڵاو بووە لە نێو کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هەندێک جار پێیدەگوترێ خاڵنشینیی، کاتێک کوڕەکە ژن دەهێنێ یان کچەکە شوو دەکا و ماڵ بەجێ دەهێڵێت لە هەمان کاتدا

باوكان منداڵی مێردی خوشكەكانیان (خوشكەزا) لە ئامێز دەگرن و بەخێویان دەكەن یان منداڵی براكانیان (برازا) لە لای خۆیان و لە هەمان خانوودا بەخێو دەكەن لەو بارەدا (ژن و مێرد) بە رەزامەندیی هەردوو لایان منداڵەكانیان لێوەردەگرن و بەخێویان دەكەن.

ئەو جۆرە سیستەمە لە كۆمەڵگەی كشتوكاڵییە رۆتینییەكاندا بە تایبەتیی لە كۆمەڵگەی عەرەبییدا هەیە و روو دەدا كە خاڵ یان مام لەگەڵ منداڵی خوشك یان منداڵی برادا ژیان بەسەر دەبا ئەوە لەكاتێكدا كە باوك یان دایكیان بە هۆی رووداوێكەوە نەمابن و مردبن یان تووشی نەخۆشیی كۆشندە هاتبن.. لەو بارەدا كوڕ و كچ لەگەڵ مام یان خاڵی خۆیاندا دەژین یان خێزان منداڵی خۆی دەنێرێتە لای خاڵ یان مام بۆ ماوەیەكی دیاركراو (كورت یان درێژ) ژیان لە لای ئەوان بەسەر دەبەن بەو شێوەیە ئەوان چاودێرییان دەكەن و پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەبێ كە لە ئاكامدا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی هاوسەریی لە نێوان كوڕی مام و كچی مام لەو كۆمەڵانەدا.

خێزانی لێكدراو لە ئاكامی ژیانی چەند مێردێك لەگەڵ گرووپێك ژن:

هەندێك لە توێژەران لە دورگەكانی ماركیزدا سیستەمێكی هاوسەرییان لە شێوەی خێزانی لێكدراودا دۆزییەوە، لەو سیستەمەدا خێزانەكان لە كۆمەڵێك مێرد پێك هاتوون كە لەگەڵ كۆمەڵێك ژندا دەژین.. سەرەتای ئەو خێزانە لێكدراوە بە هاوسەریی ژن و مێردێك دەست پێ دەكات پاشان درێژە دەكێشێ و فراوان دەبێ و لە رێی بەكرێگرتنەوە (كرێكاری نوێوە) پیاوێكی تر لەگەڵ خۆیاندا لە هەمان خانوودا نیشتەجێ دەكان بە شێوەی مێردی دووەم یان مێردی سێیەم و هەمان مافی دەبێ كە مێردی دووەم هەیەتی.. لێرەدا مێردی یەكەم (سەرەكیی) ماڵ لە ژێر كۆنترۆڵی خۆیدایە و ئەو مافە بۆ خۆی وەدەست دێنێ یان مێردی یەكەم ژنی دووەم دەهێنێ و مێردی دووەم سێیەمی بۆ بەكرێ دەگرێ و پەیوەندییە سێكسییەكە تەنیا لەگەڵ ژنەكەی دووەم دەبێ و بۆی نییە پەیوەندیی لەو جۆرەی لەگەڵ ببەستێ، گەرچی ئەو جۆرە بوونی دەگمەنە لە كۆمەڵگە سەرەتاییەكاندا بەڵام هەندێك كۆمەڵگە تێیاندا بووە بە باو و بڵاوبۆتەوە لەناویاندا.. ئەو سیستەمە لەگەڵ زۆربەی داب و نەریت و

بەهایە کۆمەڵایەتییەکانی زۆربەی کۆمەڵگەکاندا یەکی نەگرتۆتەوە و نەشیاو بووە.

لە ئاکامی توێژینەوەکانەوە دەرکەتووە کە باوترین خێزانی لێکدراو ئەو خێزانە بووە کە سیستەمی نیشتەجبوونی یەکایەتییان پیادە کردووە.. بەڵام بە هۆی تێکەڵبوونی چەند خێزانێکی بچووکەوە لەژێر ناوی ک ۆهاوسەریی ڕێ خۆش بووە بۆ سەرهەڵدانی فرەژنیی.. لێرەدا پیاوێک رۆڵی باوک و مێرد لە ژمایەک خێزانی بچووکدا دەگێڕێ.. لە هەندێک کۆمەڵگەی تردا هاوسەریی پیاوێک لەگەڵ چەند خوشکێکدا سەریهەڵداوە واتە پیاوێک خۆشکی ژنەکەی دەهێنێ وەک ژنی دووەمی بە رەزامەندی ژنەکەی کە ئەوەش دەبووە هۆی گونجان و ئیرەیی نەکردن لە نێوان هەردوو ژنەکەدا (هەردوو خوشکەکەدا)، دوای خستنەڕووی جۆرەکانی خێزانی لێکدراو لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە خێزانی لێکدراو لە ئاکامی باوکنشینییەوە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا باو و بڵاوبووە (کۆمەڵگە سەرەتایی و کشتوکاڵییەکان) پاشان دایکنشینیی بە پلەی دووەم هاتووە بەڵام نموونەکانی تر دەگمەن بوون و لە هەندێک کۆمەڵگەدا بە هیچ جۆرێک ئاشنایەتییان لەگەڵیاندا نەبووە.

گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە خێزانی لێکدراو:

بەو هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیویەتی هەر وەک لە سیستەمی خزمایەتیدا ئاماژەمان بۆی کرد سەبارەت بە پیشەسازییکردن و بەشارستانییبوون خێزانیش بە هەمان شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لەو رەوشە فراوانکراوەیدا گۆڕاوە و لە قەوارەدا بەرتەسک و بچووک بۆتەوە، دوای ئەوەی خێزان لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵییدا پشتی بە خۆی دەبەست ئەو بارە گۆڕا و خێزانی ژینگەی پیشەسازیی ناچار بوو بۆ مانەوە و تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی لە پۆشاک و خۆراک و تەندروستیی و فێربوون پشت بە هێزەکانی دەرەوەی خۆی ببەستێ لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پارێزگاریی لە هەندێک ئەرک کردووە و وەک خۆیان ماونەتەوە، دەسەڵات بە هۆی بەشارستانییبوون و بەپیشەسازییکردنەوە لە سەرۆکی خێزانەوە چووە دەست کەسانی دەرەوەی خێزان و ئەوانەی لە بواری پیشەسازییدا کاریان

دەکرد وەک بەڕێوەبەرەکان و تەکنیکارەکان و هیتر ئەوە جگە لە لەدەستدانی کۆنترۆڵ و دیسپیلین بەسەر ئەندامەکانی خێزانی پیشەسازییدا، بە هۆی ئەو گوڕانکارییە خێرا و بەردەوامانە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا گۆڕانکاریی لە شێوە و سیستەم و ئەرکی خێزاندا بەدی هات لێرەدا ئاماژە بەو فاکتەرانە دەکەین کە سەرچاوەی ئەو گۆڕانکارییانە دەیانکەنە دوو گرووپ.. بەو شێوەیە:

فاکتەرە مێژووییەکان:

دەکرێت بڵێین داب و نەریت و بەهایەکان دەرهاویشتەی کاری مرۆڤەکان خۆیانن.. پێکهاتەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان مۆرکێکی تایبەت بووە بە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو، کاتێک کۆمەڵگە گۆڕا و ئەو بونیاتە کشتوکاڵییەی نەما و شێوەی کۆمەڵگەی پیشەسازیی نوێی بەخۆوە گرت ئیدی مرۆڤ لە بارودۆخە نوێیەکەیدا هێز و توانای پتر بوو بۆ ئافەرریدەکردن و راستکردنەوەی ئەو داب و نەریت و بەهایانەی، کە جاران لە کۆمەڵگەی رۆتینییدا باو بوو.. پتر باوەڕی بەوە هێنا کە پرۆسەی گۆڕان لە ئاستەکانی کۆمەڵگەدا پێویستە و ناکرێ نەکرێ.

زاڵبوونی بیرکردنەوەی سکیۆلاریی بەو واتایە دێ تاکە کەس نەک هەر ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو پۆستانەدا (ئاستی داب و نەریت و بەهایەکان) بەڵکو ئەو توانایەشی هەیە بە بێ ترس و سڵەمینەوە بیانگۆڕێ، چونکە بە پێی بیرکردنەوەی سکیۆلاریی رێ و شێوازەکانی ژیان ملکەچی تاقیکردنەوەی بەردەوامن، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ژیانی لە باری گۆڕاندایە. پرۆسەی گۆڕان هەموو بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵگەی گرتەوە گەرچی پلەی گۆڕانەکە لە نێو سیستەمی کۆمەڵگەدا جیاوازیی هەبوو، بەڵام خێزان یەکێک بوو لەو سیستەمانەی گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆوە دیوە سەبارەت بەو هەڵوێست و بۆچوونانەی لە مێشکی مرۆڤەکاندا بوون و لە نەوە کۆنەکانەوە مابوونەوە وەک هەڵوێستی پیاو بەرامبەر بە ژن یان دایک و باوک بۆ منداڵەکانیان یان بۆ هەندێک بەهای دی.

بالادەستیی باهۆزی مرۆڤایەتی.

بیروباوەڕەکانی باهۆزی مرۆڤایەتی لە بزووتنەوەکانی سیاسەت و هونەر و ئەدەب و فەلسەفەدا کاری خۆی کردۆتە سەر خێزان.. ئەو رەنگدانەوەیە بەسەر کەسێتیی تاکە کەساندا وای کردوە بە شێوەیەکی ئەرێنییانە هاوبەشیی بکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەر سکیۆلاریی فاکتەری یاریدەدەر بووە بۆ ناساندنی تاکە کەسە بە تواناکان و هاندانیان بۆ بەشدارییکردنیان لە دەستنیشانکردنی ئاستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوا گەشەکردنی ئەو باهۆزە مرۆڤایەتییانە وای لێکردن پتر هۆگری ئەو توانایانە بن و حەزی پێ بکەن، کە لە ئاکامدا دەتوانێ هەندێک بنەما و پرانسیپ بگۆڕێ و راستی بکاتەوە بە شێوەیەک کە لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی هاوچەرخدا بگونجێ.

بڵاوبونەوەی هۆشیاریی دیموکراسیی.

بڵاوبوونەوەی دیموکراسیی و سەقامگیربوونی بەهایەکانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کاری کردۆتە سەر گۆڕانی دەسەڵاتی خێزان و سەروەریی پێشەوایەکانی و ملکەچکردنی ئەندامانی خێزان بۆ ئەو را و حوکمانەی کەسانی سەرەرەوەی خۆیان لە پلە و پایەدا، کە لەسەر هەندێک بنەمای لاواز و نادروست دایانرێشتوون.

لە دیموکراسیی سیاسییدا پیادەکردنی مافەکانی تاکە کەس بوون بە بەشێک لە کەسێتیی تاکە کەس و وایان لێکردووە لەو بڕوایەدا بێ کە توانای هەیە بۆ بەڕێوەبردنی خۆی.. پتر باوەڕی بە خۆی هات کە دەتوانێ یاخیی بێ لە دژی هەر رەوشێک کە نەتوانێ بە شێوەیەکی رێک و دروست کەس ئاراستە بکا.

هەر دیموکراسیی بوو کاری کردە سەر ئەندامانی خێزان و لاوازکردنی دەسەڵاتی خێزان بە شێوە باوەکەی بە جۆرێک تاکەکانی خێزان بە گشتیی بواری گفتوگۆ و راگۆڕینەوەیان هەبێ لەسەر هەر شتێک پێش ئەوەی بڕیاری یەکجاریی لە بارەوە بدرێ و هەموویان بەشدار بن بە گەورە و بچووک و کچ و کوڕەوە لە دەرکردنی بڕیاردان. قووڵبوونەوەی دیموکراسیی لە نێو خێزاندا دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی خوێندەواریی و

پتربوونی هۆشیاریی لە نێو کۆمەڵگەدا بەو جۆرەی تاکە کەس بتوانێ گوزاشت لە دید و بۆچوونەکانی بکا لەو پرسانەدا کە تایبەتن بە ژیان و ئایندەی خۆیەوە.

فاکتەرە نوێیەکان:

جگە لە فاکتەرە مێژووییە کۆمەڵایەتییەکان هەندێک فاکتەری شارستانی هەن کە کاریگەریی دوورتریان بەسەر خێزانەوە بەجێهشتووە لە رووی پێکهاتەی دەروونیی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانەوە.. کە بریتیین لەوانە.

تاکایەتی.

تاکایەتی بە واتای مافی تاکە کەس دێ لە کاریگەربوونی پتری لە هەڵبژاردنی ئەوانەی کە حەزی لێیانە دوور لە هەر رێکخستن و سیستەمێک لە لایەن کەسانی دیکەوە.. واتە تاکە کەس ئازاد بێ لە هێنانەدی ئەو ئامانجانەدا کە دوور لە لە ناچارکردن خۆی هەڵیبژاردوون بۆ پەسەندکردنی کۆمەڵێک ئامانج لە لایەن خێزانەوە.

تاکایەتی جیاوازە لە یاخیبوون چونکە یاخیبوون بریتییە لە کارکردنی تاکە کەس لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیدا بە بێ ئەوەی نرخ و بەها بۆ مافەکانی کەسانی دی دابنێ، بەڵام تاکایەتی ئەو بنەمایانە بۆ تاکە کەس دەرخسێنێ کە بە هۆیانەوە رێز لە مافی کەسانی دی دەگرێ و شکۆمەندییان دەپارێزێ.. هاوکات ئازادیی بەرئەنجامی سەرکەوتنی تاکە کەسەکانە لە پەیوەندییەکانی ناو خێزان (وەک پەیوەندیی منداڵان بە باوک و دایکیانەوە)، تاکایەتی و یاخیبوون دوو چەمکی جیاوازن لە رووی پاڵنەرەکانیانەوە کە وەڵامدانەوە لای تاکە کەسەکان دروست دەکەن چونکە بریتین لە پرۆسەی وەڵامدانەوە و وەڵامنەدانەوە یان گونجان و نەگونجان لە ناوەندی خێزاندا بە هەموو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی ناویەوە لە کاریگەریی تاکە کەسدا دەردەکەوێ بۆ پشتبەستن بە خۆی لە پرسەکانی دوارۆژی خۆیدا ئینجا لە کارکردن یان هاوسەریی یان لە هەر پرسێکی دیکەدا بێ.

دیموکراسیی.

خێزانی دیموکراسیی بایەخ و گرنگیی بە هەموو ئەندامەکانی ناوی دەدا لە وەرگرتنی هەر حوکمێکدا بەوپەڕی کردەیی و تواناوە.

رێکخستنی دیموکراسییانەی خێزان بۆتە هۆی دەرخستنی دوو روخساری بنچینەیی لە ناویاندا.

یەکەم: پشتبەستنی خێزان بە دەسەڵاتی هۆشمەندیی.. چونکە گرنگیی بە راو بۆچوونی تاکەکان دەدا و بەرز دەیاننرخێنێ بە تایبەتیی ئەوانەیان کە سەلماندوویانە بە توانان لە راییکردنی کاروباری خێزاندا ئەوەش پێچەوانەی خێزانی رۆتینییە کە دەسەڵات تێیدا بۆ تاکە کەسە لە بەڕێوەبردنی خێزاندا.

دووەم: بریتییە لە پەیوەستکردنەوەی ئارەزووی دروست بەوەی هەر تاکێک مافی هەیە لە گەڵاڵەکردنی حوکمەکانیدا بە بێ ئەوەی رەخنەی لێ بگیردرێ یان کەسانی تر دەستیان هەبێ لە گەڵاڵەکردنیدا، تاکە کەس بە بێ سانسۆر و ناچاکردن مافی هەڵبژاردنی ئەوەی هەیە کە دەویەوێ بڕیاری لە سەر بدا.. واتە دەسەڵاتی بەخێوکەری خێزان یان سەرۆکی خێزان بە هۆی دیموکراسییەوە وەک جاران نەماوە.. ئەندامەکانی ناو خێزانی نوێ دەتوانن سەبارەت بە پرسە پەیوەنددارەکانی خۆیان رایان هەبێ و دەتوانن بڕیاری پەسەندکردن یان پەسەندنەکردن و حەزلێبوون و حەزلێنەبوون بدەن.

یەکسانیی.

خێزانی دیموکراسیی تاکایەتی ئەندامەکانی بۆ چەند گرووپێک پۆلێن ناکا یاخود هەندێکیان لە هەندێکی دی بە باشتر بزانێ یان هەندێکیان بە لاواز و بێ دەسەڵات لە دەرکردنی بڕیاردا دیار بکا هەر وەک خێزانی رۆتینی دەیکا. ئەو یەکسانییە کە هەر تاکێکی خێزان دەگرێتەوە و

بواریان پێ دەدا بە بێ جیاوازیی رای خۆیان دەرببڕن و لە رەخنەی کەسانی دی نەترسن هەروەها ژنان و کچانیش دەگرێتەوە وەک ئەندامی پێگەیشتوو و خاوەن را و بۆچوون چ وەک دەربڕین لە بارەی کاروباری خێزانەوە یاخود وەک ئەو کاروبارانەی تایبەتن بە چارەنووس و ئایندەی خۆیانەوە.. تێیدا ژنان ئەوەندە بوار و هێزیان پێدەدرێ کە بتوانن پلە و پایە و شوێنی شیاوی خۆیان و وەربگرن و بە شێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاواندا پەیوەندییەکان بەرجەستە بکەن و برجەستەی بکەن.

سەبارەت بە منداڵیش ئەوەیان بۆ رەخسا کە حەز و ئارەزووەکانیان تێر بکرێن و هێز و تواناکانیان گەشەیان پێبدرێن و چیدی وەک (گەورە) تەماشا نەکرێن و مافەکانیان پێشێل نەکرێن و بە پێی تەمەن و توانایە هۆشمەندیی و جەستەییەکانیان رەفتاریان لەگەڵدا بکرێ.

ئەوانە روخسارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بوون کە باڵیان بە سەر خێزاندا کێشاوە لەو چەرخە نوێیەدا، پێویستە ئەوەش بگوترێ هەموو گۆڕانکارییەک لە هەر سیستەمێکدا رووبدا ناشێ ئیدی هەموو لایەنەکانی باش بن و لایەنی خراپی تێیدا بەدی نەکرێ.. هەموو گۆڕانێک تەنیا بە باش یان بە خراپ دیار ناکرێ، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی لایەنی خراپ دەبێ رێنمایی و ئاراستەکردن هەبێ و نابێ هەموو کۆنێک بە خراپ بزاندرێ و رەت بکرێتەوەو هاوکات هەموو نوێگەرییەک بە چاک و بە بێ کەم و کورتیی بزاندرێ، بۆیە پێویست بەوە دەکا پرۆگرام و بەرنامەی دروست و تەواو بۆ گەشەپێکردنی تاکە کەسەکان دابڕێژدرێ تاکو خۆیان بە دوور بگرن لەو کێشە و دژوارانەی رووبەڕووی خێزانی نوێ دەبنەوە.

خێزانی (ناوک)ی نوێ:

خێزانی ناوک بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی کە پێکهاتووە لە ژن و مێرد و منداڵەکانیان.

بە رای زۆربەی توێژەرانی بواری ئەنسروپۆلۆژیا ئەو جۆرە لە خێزان لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی هەبووە و بەشێکە لە سیستەمی

خزمایەتی بەرفراوان کە لە تۆڕێک پەیوەندیی نێوان (باپیرە و نەوە و خاڵ و مام) پێکهاتووە، ئەو جۆرە بەوە جودادەکرێتەوە کە ژیانی تایبەتی خۆیان هەیە و بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتیی خزمایەتین و دەکرێ وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و جودا لە کۆمەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. هەندێک لە توێژەران پێیانوایە خێزانی ناوک گرووپێکی جیهانییەوە لە هەموو کۆمەڵەکاندا بوونی هەیە و ئەو چاوگەیە کە خێزانی گەورە و ئاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەندێک لەگەڵ ئەو رایەدا نین و دەڵێن گرووپێکی جیهانیی نییە و گومانیان هەیە کە لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا هەبووبێ نموونەی ئەو توێژەرانەش (سپیرۆ و کاپلین)، کاپلین لە توێژینەوەکەندا بۆ کۆمەڵی (نەیرس) لە باشووری هندستان ئەوەی دیوە کە ژنان لەو کۆمەڵگەدا هەموویان بێ مێردن و منداڵانیش بێ باوکن، بە واتایەکی دی بە خێزانی ناوک ئاشنایەتی نییە و نەبووە. ئەو رایەیان کە پێیوایە خێزانی ناوک جیهانییە دەڵێ هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەدا ئەندامی دوو خێزانی جیاواز و تێکهەڵکێشە.. کاتێک مرۆڤ لە خێزانی ناوکدا لە دایک دەبێ خۆی و خوشک و برا و دایک و باوکی لەگەڵ دایە (واتا خێزانی ناوکی ئاراستەکەر) کاتێکیش پێدەگا ئەو خێزانە ئاراستەکەرە بەجێدەهێڵێ و خێزانێکی دیکە پێکدەهێنێ، کە لە خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی پێکدێ ئەو خێزانەیان پێی دەگوترێ خێزانی ئەتۆمیی زاوزێیی، خێزانی ناوک لە زۆربەی شارستانییە کۆنەکاندا بوونی هەبووە و هەر بە هۆی ئەو چەشنە لە خێزانەوە چەندین بەها و نەریت و رەفتاری هاوبەش لە نێو دانیشتوانی جیهاندا بەدی دەکرێ.. لەو بارەیەوە هەندێک تێبینیی دەخەینەڕوو.

• سیستەمی خێزان لە کۆمەڵگەکانی جیهاندا بە ئاراستەی ئەو چەشنە خێزانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە گەرچی جیاوازیی هەبووە لە شێوەی پەرەسەندنەکانیاندا بۆ نموونە لە سیستەمی لە یەک جودابوونەوە منداڵی زۆڵ واتە (ناشەرعی) و منداڵ هەڵگرتنەوە و... هتد لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونیان هەیە و ناسراون.

• بەپیشەسازییکردنی و بەشارستانییبوونی کاریگەرییەکی فراوانیان کردۆتە سەر گۆڕانی سیستەمی خێزان لە رووی پێکهاتن و ئەرکەکانەوە (هەر وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە).

زانای کۆمەڵناسیی (پارسۆنس) پێیوایە خێزانی ناوک لە کۆمەڵگەی پیشەسازییدا جۆرە گۆشەگیرییەکی (ڕێژەیی) پێوە دیارە ئەوەش بە هۆی سروشتی ئەو کۆمەڵەیە، کە وا دەخوازێ پیاو شوێنی خۆی لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر بگوێزێتەوە، بەڵام (گۆد) و (لاسلێت) پێچەوانەی ئەو رایەیان هەیە و دەڵێن خێزانی ئینگلیزی لە پێش شۆرشی پیشەسازییدا گۆڕانکاریی بەسەر قەواراکەیدا هاتووە و مەرج نییە (بەپیشەسازییکردن) تەنیا فاکتەرێک بێ بۆ گۆڕانی پێکهاتەی خێزان بەڵکو بە یەکێک لە فاکتەرە یاریدەرەکان دەژمێردرێ لە پرۆسەی گۆڕانی پێکهێنانی ئەرکی خێزانی رۆتینییەوە بۆ خێزانی ناوک.

ئەرکەکانی خێزانی ناوک:

گەرچی تێهەڵکێشەیەک لە نێوان ئەرکی کۆمەڵایەتی هەردوو خێزانی لێکدراو و ناوکدا هەیە، بەڵام دوابەداوی گواستنەوەی هەندێک ئەرکی خێزانی لێکدراو بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دی خودی پێکهاتەی خێزانیش رووەو خێزانی ناوک گۆڕاوە لەگەڵ ئەوەشدا خێزانی ناوک هەندێک ئەرک و خزمەتگوزاریی گشتیی بۆ ماوەتەوە کە پێشکەش بە ئەندامەکانی دەکا وەک گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی و پارێزگارییکردن لەسەر هەندێک پاڵنەری تاکایەتی کە وەک فاکتەری گرنگ پاڵیان پێوە دەنێ بۆ بەشدارییکردن لە کۆمەڵگەدا بۆ پێکهێنانی کەسێتی ئەندامەکان و پێدانی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی جگە لە کەمکردنەوە و خاوکردنەوەی نائارامیی دەروونیی و دڵەڕاوکێ... هتد.

سەرەڕای ئاڵۆزیی و تەمومژێک کە بە سیمای ئەرکەکانی خێزانی ناوکەوە دیارە بەڵام هەندێک ئەرکی گشتیی هەیە کە هاوبەشە لە هەموو خێزانەکانی کۆمەڵگە جوداجودایەکان.. لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

• پەیوەندیی هاوسەریی نێوان ژن و پیاو لە خێزاندا ئامانجی تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانە.. ئەو تێرکردنەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی شاردنەوە و سڕینەوەی چەندین هەڵچوونی ناڕێک و لادەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە.. کۆمەڵ بۆ خۆی ئەو پەیوەندییە سێکسییەی نێوان کەسانی باڵقبوو رێکدەخا گەرچی هیچ کۆمەڵێک سەڵتیی و قەیرەیی رەت

ناکاتەوە.. بەڵام بەرەڵاکردنی پرۆسەی سێکسیی بە بێ هیچ کۆت و بەندێک هەڕەشە لە سەر ئارامیی و مانەوە و بەردەوامیی کۆمەڵگە دەکا.

• خێزانی ناوک بەوە جیادەکرێتەوە کە یەکەیەکە بۆ زاوزێ و وەک بەرهەمێک بۆ پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان ژن و پیاو منداڵ بووە کە لە کۆمەڵگەدا بایەخ و گرنگییەکی کۆمەڵایەتی باڵا بەو خێزانانە دەدا کە بێ وەچە نین (واتە وەجاخ کوێر نین).. هەندێک کۆمەڵی رۆتینیی یەکێک لە دوو رەگەزەکە ( کچ یان کوڕ) بە باشتر دەزانن. زۆربەی کۆمەڵگەکان لە پرۆسەی سێکسییدا مەسەلەی منداڵبوون بە گرنگ و پڕ بە بایەخ دەزانن. بانارۆ لە توێژینەوەیەکیدا کە لە کینیای نوێ ئەنجامی داوە بۆی دەرکەوتووە کە داب و نەریتی ئەو دەڤەرە رێ بە مێرد نادا (تازە زاوا) پەیوەندیی سێکسیی لەگەڵ ژنەکەیدا ببەستێ تا ئەو ژنە لە پیاوێکی دیکە منداڵێکی نەبێ.. ئەو مێردەش ( تازە زاوا) بۆی هەیە و دەتوانێ رەزامەندیی بدا یان نەدا بە پەیوەندییە سێکسییەکە لەگەڵ ژنەکەیدا تاکو دڵنیا نەبێ لە توانای منداڵ دروستکردنی پیاوەکە. ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا پشکنینی پزیشکیی تەواو دەکرێ بۆ کوڕ و کچ لە پێش هاوسەرییدا بۆ دڵنیابوون لە توانای منداڵ دروستکردن.. ئەو کارەش بە پێویست دەزاندرێ بۆ پارێزگارییکردن لە زاوزێ.

• یەکێک لە نیشانە دیارەکانی خێزانی ناوک نیشتەجێبوونی هاوبەشە ئەویش ئەو واتایەی هەیە خێزان ئازادە و دەتوانێ لەگەڵ هەر گرووپێکی کەسوکاردا (باپیرە و داپیرە و خوشک و برا خوشک و زاوا، برا و براژن) لە هەمان خانوودا نیشتەجێ بێ یاخود لەگەڵ خاڵ و مامەکاندا (کە هێشتا سەڵتن) ئەو نیشتەجێبوونە هاوبەشە لە نێوان خێزانی ئەتۆمیی و خزم و کەسوکاردا چەندین ئەرک و فرمانی بۆ دەستەبەر و ئاسان کردوون وەک ئامادەکردنی خواردن پشوودان و حەوانەوە گەشەپێکردنی منداڵ و پەروەردەکردنی و چەندین ئەرکی دیکە.. شایانی باسە ئەو خێزانانە ژیانی تایبەتی سەربەخۆی خۆیان بە هیچ جۆرێک لە دەست نەداوە.

• پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتییانەی منداڵان یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی خێزانی ناوک لەساڵەکانی سەرەتای تەمەندا پەیوەندیی منداڵ بە دایکەوە زۆر پتەوە و هەر دایکە هەموو ئەرکەکان (واتە تێرکردن

پاککردنەوە پاراستن فێرکردن و گەورەکردن و... هتد) لە ئەستۆ دەگرێ پاشان باوک ئەو ئەرکە تەواو دەکا و درێژەی پێدەدا لە قۆناغەکانی دواتردا. کەواتە هەردوو لا (دایک و باوک) ئەرکی گەشەپێکردنی منداڵیان لە ئەستۆ دایە.. ئەوانەو جگە لەو رۆڵە سەرەکییەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە (دایەنگە، باخچەی ساوایان، قوتابخانە،... هتد) دەیان ئەرک و خزماتگوزاریی پێشکەش بە خێزانی ناوک یان ئەتۆمیی دەکەن کە هەموویان بە تەواوکردنی ئەرکی خێزان هەژمار دەکرێن.. لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتگوزارییەدا هێشتا ناتوانین رۆڵ و بایەخی خێزان لە پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی کەم بکەینەوە و لە یادی بکەین.

سروشتی پەیوەندییە خێزانییەکان:

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێداویستییەکی گرنگی ژیانن و هیچ دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی بە خێزانیشەوە ناتوانێ بە بێ پەیوەندیی ناوخۆیی نێوان ئەندامەکانی و پەیوەندیی دەرەکیی لەگەڵ دامەزراوەی دیکەدا کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببا، هەر لە رێی ئەو پەیوەندییانەشەوە دەتوانێ دید و بۆچوونە دەروونییەکان و رەوشی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانی و رێگەکانی مەمەڵەکردنی نێوانیان بناسێ و شارەزایان بێ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان سێ خەسڵەتی سەرەکییان هەیە کە ئەوانەن:

• پەیوەندییەکان ئاڵۆز و لێکدراو و هەمەلایەن و تێهەڵکێشن لەگەڵ یەک.

• پەیوەندییەکان هەندێکیان کاتیی و هەنووکەیی و کتوپڕین و بە هۆیەکەوە دەردەکەون و بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێک سەرهەڵدەدەن پاشان کۆتاییان پێدێ و بە نەمان و کۆتاییهاتنی هۆکارەکانیان نامێنن، هەندێک تریشیان ماوەکەیان درێژتر و پتر دەخایەنن هەندێک پەیوەندیی دیکەش هەن هەمیشەیی و بەردەوامن و نابڕێنەوە وەک پەیوەندیی نێوان دایک و باوک و منداڵەکانیان.

• پەیوەندییەکان روخساری کۆمەڵایەتی و ئاکاری سایکۆژییان هەیە، روخسارە کۆمەڵایەتییەکان کە بریتیین لە یارمەتی تاکەکان بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ گرووپەکان و راهاتن لەگەڵ ئەو سیستەم و پێوەرانەدا کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێ بە سەریاندا، روخساری ئاکارییش بریتییە لە پێکهێنانی بنەمای مرۆڤایەتیی گشتیی کە لەسەر رێزگرتنی تاکەکەس و پیرۆزڕاگرتنی ئازادییەکانی راگیرە (رێزنان لە بەهایە کۆمەڵایەتییەکان و هاوبەشی ویژدانیی و بنەماکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی). روخساری سایکۆلۆژییش بریتییە لە رادەی کاریگەریی هەمبەریی نێوان دەروونی تاکەکەسەکان و هەست و نەستیان لە لایەک و لەگەڵ پێشەوا جەماوەرییەکان و ملکەچکردن بۆیان لە لایەکی دیکەوە. پەیوەندییەکان سەرجەم ئەو پێوەر و بنەما و چەشنی رەفتارانە دەگرێتەوە (فەرمیی و نافەرمیی) کە بەسەر هەموو رواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خێزاندا زاڵن و باڵدەکێشن بەسەریدا، تاکەکانی خێزانیش ئەو پێوەر و بنەمایانە لە رێی پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتییەوە فێردەبن سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییەکانی خێزانیش بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دەمەزراوە (دینیی و ئابووریی و سیاسیی و پەروەردەییەکان... هتد) رێکدەخرێن و پێکدێن. گەرچی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەپڕ و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیی بە هۆی پێویستیی ژیانی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤاکانەوە دروست دەبن.. بەڵام چەندین فاکتەری گرنگ هەن کە یارمەتییدەرن بۆ گەڵاڵەکردنی ئەو پەیوەندییانە.. لێرە بە دواوە ئاماژەیان پێ دەدەین.

ئەو فاکتەرانەی پێکهێنەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن:

• تێرکردنی پێداویستییە کەسییەکان:

تاکەکەس و گرووپەکەکان بۆ فەراهەمکردن و تێرکردنی پێداویستییە ساتکۆلۆژییەکانیان پەرە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن و خەسڵەتی بەردەوامییان پێدەبەخش، ژیانی مرۆڤایەتی بە گشتیی و ژیانی خێزانی بە تایبەتیی پێویستی بە ئافەریدەکردنی چەشنەکانی ئەو پەیوەندییانە هەیە بۆ ژیاندنەوە و چاندنی تۆی شادیی و ئاسوودەیی لە نێو دەروونیاندا.. جۆری ئەو پەیوەندییانەش وەک هاوڕێیەتی لە نێوان

تاکەکەسەکاندا یان پەیوەندیی خۆشەویستیی و هۆگریی و هاوکاریی نێوان گرووپەکان.. ئەوانە و سەرەڕای پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان ئەندامەکانی خێزان (باوک، دایک، منداڵەکانیان، یان لەگەڵ خزم و کەسوکاریاندا...).

- ئامانج و بەرژەوەندیی هاوبەش:

فاکتەری گرنگ بۆ کۆکردنەوە و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی کاروبارە تایبەتیی و گشتییەکان بەڕێوەبچن بریتییە لە ئارەزووەکانی تاکەکەس و بەرژەوەندیی و ئامانجی هاوبەشی نێوان ئەندامەکانی خێزان، بۆیە تاکەکان رێکدەکەون و هاوکاریی یەکدی دەکەن بۆ ئەوەی بەو ئامانجانە بگەن لە ناو خێزان و دەرەوەیدا واتە لە کۆمەڵگەدا، لەسەر ئەو بناغەیە پێویستییان بە پێکهێنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێوانیاندا.

- پێشبینیی و وابەستەبوون:

لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەستێک هەیە کە ئەندامەکان بە لای یەکدیدا کێش دەکا و وایان لێدەکا پارێزگاریی لە پەیوەندییەکانی نێوانیان بکەن و وابەستە بن پێیانەوە تەنانەت ئەگەر حەزیش بە پێکهێنانی ئەو پەیوەندییە نەکەن لەگەڵ یەکدیدا.. چونکە هەندێک بەرژەوەندیی و ئەنجامی هاوبەش هەیە ناچاریان دەکا وا بکەن.. رەنگە داب و نەریتی دێرینی رۆشنبیریی و شارستانییەکان فاکتەر بن وەک باوک و دایک و منداڵەکانیان هەیانە کە دەشێ لە بیروباوەڕە دینیی و ئاکاریی و ئەدەبییەکانەوە سەرچاوەیان گرتبێ.

- ئاڵوگۆڕی هاوبەش:

تاک و گرووپەکان لە چالاکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوکاریی و هاوبەشیی ژیانی یەکدی دەکەن و لە ئەنجامی ئەو هاوکاریی و

هاوبەشیکردنەشدا چەندین چەشنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا پەیدا دەبن و روودەدەن، ئەو پەیوەندییانەش پەرەدەسێنن و تازە دەبنەوە و چەندەش درێژە بکێشێن و بەردەوامیی وەربگرن لە چالاکییە ئابوورییەکانی نێوان کرێکارەکانی یەک دامەزراودا دەردەکەون و ئاشکرا دەبن کە هەر یەکەو لە لایەن خۆیەوە لە نێو دەمەزراوەکەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵدەستێ، ئینجا بە هۆی کاردابەشکردن و سەرهەڵدانی پسپۆڕییەوە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا پتر ئاڵۆز بوونە و گەشەیان کردووە و چەندین پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی هاوبەش لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگە بە گشتیی و خێزان بە تایبەتیی دروست بوونە.

- هێز:

هێز و ناچارکردنی خەسڵەتێکی دیکەی سەرەکییە و درێژەپێدان و بەردەوامیی دەدا بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.. دیارترین نموونەش پێدانی کرێیە بە کرێکاران یان خەڵاتکردن و پشتگیریی کردنیانە.. لەو بارەوە خاوەنکار ناچار دەبێ بەو ئەرکانە هەڵبستێ.

ئەو فاکتەرانەی کاردەکەنە سەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەو هۆکارانەی خرانەڕوو گرنگن بۆ دروستکردن و پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام هەندێک فاکتەری تر هەن کاردەکەنە سەر سروشتی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە پێکهاتوون.. لێرەدا ئاماژەیان پێ دەدەین.

- خەسڵەتە بایۆلۆژییەکان:

پێکهاتەی ئەندامیی و جەستەیی تاکەکەس بە شێوەیەکی گەورە کار دەکاتە سەر رەفتار و هەڵسوکەوتەکان و ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا.. بۆ نموونە ئەو کەسەی ئەندامێکی لەشی ناتەواو بێ یاخود کەمئەندام بێ

ئەوە ئەو ناتەواوییە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ گرووپەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها سەبارەت بە توانا ئەقڵییەکان و ڕادەی دروستی کۆئەندامی دەماریی هەمان ڕەنگدانەوە بە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی کەسەکەدا (بە چاک و خراپ) دەردەکەوێ لە ناو خێزان و لە دەرەوەی خێزاندا و وەک بارێکی نائاسایی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەخاتەڕوو.

- ژینگەی ڕۆشنبیریی:

ژینگەی ڕۆشنبیریی تێکڕای داب و نەریت و بەهایەکان و چەشنەکانی ڕەفتار دەگرێتەوە کە تاکەکەس لە ناویاندا پێدەکا و گەشە دەکا.. ئەو بۆماوەیەش لە نەوەکانی پێشترەوە نەوە لە دوای نەوە کەڵەکە دەبێ و دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەی نوێ و لە ویژدانیاندا دەچەسپێ و ڕەگ دادەکوتێ و دەبێتە بەشێک لە کەسێتیی کۆمەڵایەتی تاکەکەس و ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێ لە کردەوە و چەشنەکانی ڕەفتاری کەسەکەدا لە نێو کۆمەڵگەدا، ئینجا بە هۆی جیاوازیی نێوان ڕۆشنبیریی کۆمەڵەکانەوە جیاوازییش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپەکاندا دەردەکەوێ، بۆیە هەر توێژینەوەیەک لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێ پێویستە چوارچێوەی ڕۆشنبیریی ئەو گرووپە ڕەچاو بکرێ و بە هەند وەربگیردرێ و خێزانیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگەکەی بەشێکە لێی و لە پەیوەندیی ئەندامەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

- ئەزموونی کەسێتی:

تاکەکەس لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕووی چەندین بارودۆخ و ڕەوشی دیاریکراو دەبێتەوە و هەر یەکەیان شوێنەواری خۆیان بەسەر هەست و نەستەکانیەوە بەجێدەهێڵن و ئەزموونی تایبەتی بۆ دروست دەکەن کە دواتر کاردەکەنە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسە و ئەو بەها و هزر و بۆچوونانەی کە وەریاندەگرێ لە ژیانی ڕۆژانەیدا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش بە ڕەفتارەکانیەوە دەردەکەون کاریگەرییان بەسەر پەیوەندییەکانی بە کەسانی دیکەوە ڕەنگدەداتەوە.. ئەو

ئەزموونانەش لە سەرەتای تەمەنەوە دەستپێدەکەن و درێژە دەکێشن. سەرەڕای ئەو فاکتەرانە سیستەمی چینایەتییش کاریگەریی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەجێدەهێڵێ واتە خەسڵەتە چینایەتییەکان لە پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی لە ناو خێزان و نەریتە تایبەتەکان بە هەر چینێک وەک ڕێوشوێنی ژنهێنان و شووکردن و پلە و پایە کۆمەڵایەتییەکان و... هتد هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی ڕۆتینیی جیاوازە لە هی کۆمەڵگەی نوێ و هاوچەرخ و شارستانیی.

پەرەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵاتییە خێزانییەکان:

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە خێزانییەکان بەوە دەناسرێنەوە کە سروشتی تایبەت و شێوازی هەمەجۆری خۆیان هەیە.. ئەو پەیوەندییە بە نیشانکردن دەستپێدەکا و بە هاوسەریی پێدەگا و پاشان منداڵ دروستکردن و جودابوونەوە و مردنی یەکێک لە دوو هاوسەرەکە و ئینجا پشتبەستن بە کەسوکار و بۆماوە و مسۆگەرکردنی ژیان و بوونی هەتیو و کارکردنی بێوەژن و... هتد، کەواتە پەیوەندییە خێزانییەکان هەمەچەشنە و پڕ لق و پۆپن و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن و ژیانی تاکەکان ئاڵۆز دەکەن.

لە سەردەمی ئەمرۆدا گۆڕانکاریی و تەبایی لە نێوان پیاو ژندا بووە بە پێویست بۆ تێرکردنی پێداویستییە مرۆییەکان، زۆربەی زانا و نووسەرانی ئەو بوارە گرنگیی بەو پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاو دەدەن چونکە شوێنەواری ئەرێنیی بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی بەجێدەهێڵێ و دەبێتە هۆی پێکهێنانی پەیوەندیی هاوڕێی دروست و پاشان ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیی تاکەکان. ئەمرۆ باهۆزی مادەگەرایی و بەهایە دژ بە یەکەکان و کێشەکانی ژیان کارێکی وایان کردووە کەمتر گرنگیی و بابەخ بە پەیوەندیی ناوەکیی و گیانییەکان بدرێ و پتر گرنگیی بە ڕواڵەتی دەرەکیی دەدرێ.

ژیان ئەو سروشتەی داوە بە مرۆڤ کە وەربگرێ و ببەخشێ بۆیە باڵادەستیی لایەنی مادیی بەسەر پەیوەندیی ژن و پیاودا تێڕوانینێکی وای

دروستکردوە کە پێکهێنانی پەیوەندیی گیانیی لە نێوانیاندا سەخت و دژوار بێ، ئەوەتا پیاو هەموو پرسە مادییەکان دەستەبەر دەکا هەر لە کڕینی خانوو و ئوتۆمبیل و کەرەستە و پێداویستییە مادییەکانی دیکە ناوماڵ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ لەگەڵ ژنەکاندا بە ئاسودەیی بژی و نازانێ سەرچاوەی ئاسودەیی لە کوێوەیە.

پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان باوان و منداڵان لە قۆناغی منداڵییەوە پەرەدەگرێ و گەشە دەکا چونکە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ بۆ خۆشەویستیی.. لەو قۆناغەی تەمەندا منداڵ وای لێدێ سۆز و خۆشەویستییان لێ وەردەگرێ، ئەگەر ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بێ و جودابوونەوەی تێنەکەوێ (جودابوونەوە یان مردنی یەکێکیان...) ئەو کاتە بڕوای بە خۆی دەبێ و هەست بە پەیوەندییە مرۆییەکان دەکا و فێری دەبێ و پێداویستیی فسیولۆژیی و دەروونییەکانی دێنە تێرکردن و هەست بە ئاسودەیی و دڵ ئارامیی دەکا، لە قۆناغی دووەمدا کە دەکەوێتە دوای ساواییەوە منداڵ فێر دەبێ خودی خۆی لە کەسانی دیکە جودابکاتەوە و لە تەمەنی دوو سێ ساڵییدا دەتوانێ هەڵوێست وەربگرێ و بڕیار بدا و کاردانەوەی باش یان خراپ فێر دەبێ بە پێی پەروەردە و هەڵسوکەوتی گەورەکان لەگەڵیدا، لە قۆناغی سێیەمدا دەتوانێ رای خۆی بۆ کەسانی دیکە دەربڕێ و تواناکانی لە دەرەوە و ناوەوەی خێزاندا پتر گەشە دەکەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوانتر دەبن.

گونجاندنی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە خێزانییەکاندا:

گەرچی ژن و مێرد هەر یەکەیان لە بار و رەوشێکی کۆمەڵاتیی جیاواز لەویدیکە گەشە دەکا و کەم تا زۆر لە رووی کەسێتی و بەهایەکان و چەشنی رەفتارکردن و پێشینەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی جیاوازەوە پەروەردە دەکرێن و پێکهاتەی جەستەیی و سۆزدارییان لە یەکدی ناچێ.. بەڵام ئەو جیاوازییانە نابنە مەترسیی لەسەر پێکهێنانی هاوسەریی لە نێوانیان ئەگەر بێتو لەسەر بنەمایەکی راست و دروست پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانیان دابمەزرێنن و لەیەکگەیشتن و هاوسۆزیی و رێزگرتنی بەرامبەر لە نێوانیاندا بەرجەستە بێ، بۆیە هاوکاریی و هەماهەنگیی لە

نێوانیاندا بابەخ و گرنگیی تەواوی دەبێ لەسەر بنیاتنانی پەیوەندیی خێزانیی دروست و کەمکردنەوەی ماوەی جیاوازی نێوانیان بە ئاقاری ئاسوودەیی خێزان.

خۆگونجاندن پرۆسەیەکی زۆر گرنگە بۆ دارشتن و پێکهێنانی پەیوەندییە خێزانییەکان.. چونکە کۆتایی بە ناکۆکیی و ناتەبایی دەهێنێ و پەیوەندیی درێژخایەنی ئەرێنیی دادەمەزرێنێ کە بە هۆیەوە کەسێتیی هەردوو لا رووە و پێگەیشتن هەنگاو هەڵدەگرێ و کێشەکان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و نامێنێن.. لێرەدا ئاماژە بە چەند ئاکارێکی خۆگونجاندن دەدەین.

گونجانی سۆزداریی:

بۆ ئەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خێزانیی بەرجەستە بێ دەبێ ژن و مێرد هاوسۆز بن و لە رووی سۆزەوە بگونجێن و یەکدیان خۆشبووێ و رێز بۆ یەکدی دابنێن و راستگۆییان و هەست و نەستەکانیان بۆ یەکدی دەربڕن و چاوپۆشیی لە هەڵەی یەکدی بکەن و بڕوا و متمانەیان بە یەکدی هەبێ و گومان و دوودڵیی لە رەفتارەکانی یەکدیدا دروست نەکەن و کۆشش بکەن کێشە و گرفتەکان بچووک بکەنەوە و بە شێوەیەکی سروشتیی لێیان بڕوانن.. ئەگەر وابوو ئاسوودەیی لە خێزاندا دێتە ئاراوە و بەسەر کەسێتیی منداڵەکانیشدا رەنگدەداتەوە.

گونجانی سێکسیی:

لەبەرئەوەی پاڵنەری سێکسیی یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی ژیانی هاوسەریی کەواتە رۆڵی گەورە دەگێڕێ لە سەرکەوتنی هاوسەریی، ئەو تاکە کەسەی بۆ هاوسەرگرتن دەچێتە پێشەوە دەبێ لە لایەنی جەستەیی و دەروونیی و سێکسییەوە (پیاو یان ژن) ئاسایی و تەواو بێ.. کەم توانایی سێکسیی لە لای هەر لایەکیان شیرازەی خێزان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبا و ناهاوسەنگیی دروست دەکا (نەبوونی توانای منداڵ دروستکردن و نەزۆکیی).. ئەو ناهاوسەنگییەش

لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژن و مێردەوە بۆ منداڵەکانیان و کەسوکار و دۆست و ناسیاوانیش پەرەدەگرێ.

## گونجانی ئابووریی:

کاروبار و دۆزە ئابوورییەکان لە ژیانی خێزاندا بە بەردەوامیی کاریگەریی خۆیان هەیە و لە هیچ کات و ماوەیەکی ژیاندا بێ بایەخ نابن.. تێرکردنی پێداویستییە مادییەکان لە خواردن و پۆشاک و شوێنی نیشتەجێبوون و کەرەسە پێویستەکانی ناوماڵ هەرگیز نکوولیان لێناکرێ و ناکرێ فەرامۆش بکرێن.. دەبێ هەردوو لا بۆ ئەو مەبەستە تێبکۆشن ئەوەش بە رەچاوکردن و بەهەندوەرگرتنی توانای ئابوورییان.. زێدەرۆیی لە خەرجییەکاندا راستەوخۆ کار دەکاتە سەر پەیوەندییە خێزانییەکان.. ناتەواویی و نەزانیی و ناڕاستگۆیی هەر لایەک لە خەرجکردندا هاوسەنگیی پەیوەندییەکان دەشێوێنێ و تێکیدەدا و چەندین کێشە دەهێنێتە ئاراوە.. سەختیی و دژواریی ئابووریی کە رووبەڕووی ژن و مێرد دەبێتەوە نەرێنییانە کار دەکاتە سەر پەیوەندییان بە منداڵەکانیانەوە.